# له عێراق چی دەکەین؟

Howard Zinn
وەرگێران: عوسمان – م

هاوارد زین، مێژو نوس و ماموستای بەرجەستەی زانستگەیە لە (ئەمریکا). نوسەری بەرهەمەکانی وەک کورتە مێژوی خەڵکی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە 1492 تا ئەمرۆ، ئێمە نەتەوەی ئەمریکا، بڵاوکەرەوەی ئاگون، مارسی، لە ساڵەکانی 2003 ، و 2004.
دواین بابەتەکانی ئەم نوسەرە:
نیهایەتی خەیانەت
دەسەڵاتێک کە هیچکەس ناتوانێ سەرکوتی بکا

ڕۆژ نییە لە عێراق، هەواڵی مرگ نەبیسرێ: مەرگی سەربازانی هاوپەیمان، دیپلۆماتە خارجیەکان، وەک نوێنەری میسر کە وەحشیانە کوژرا و بەتایبەتی خەڵکی بێتاوان. ئەم شەرە، خواستی سەرکۆماری ئەمریکا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی بە شەر و ئاشوبدا کێشاوە، و ئامرازی پاساوکردن بۆ پاساو هەڵنەگر دەتاشرێ، هەروەک کوشتاری تەقینەوەکانی 7ی ژولای رابوردو لە لەندەن. ئەم شەرە هاوکات شەرێکە لە دژی میللەتی ئەمریکا.
عێراق وولاتێکی ئازاد کراو نییە، وولاتیکی داگیر کراوە. ئەمە دیاردەیەکی ناسراوە. شەری دوهەمی جیهانی، عینوانی وولاتی داگیر کراو، بۆ ئێمە ناسراوە. ئەو دەمە لە فەرانسەی داگیر کراو لە لایان ئاڵمانیەکانەوە، و ئوروپای ژێر موستەعمەرەی ئاڵمان دەدواین. پاش تەواو بونی شەر، باسی مەجارستان، چەکوسلواکی و ئوروپای شەرقیی داگیر کراوی سوڤیەتەکانمن دەکرد. نازییەکان و سوڤیەتەکان وولاتانێکی زۆریان داگیر کرد. ئێمە ئازادمان کردن.
پاشان ئێمە بوینە داگیرکەر. رونە، عێراقمان لە سوڵتەی سەدام حوسێن ئازاد کرد، بەڵام نەک لە سوڵتەی خۆمان.
هەروەک لە ساڵی 1898، کوبامان لە سوڵتەی سپانیا رزگار کرد، بەڵام نەک لە سوڵتەی خۆمان. ئێستبدادی سپانیا کوتایی پێهات، بەڵام ئەمریکا، بە هەمان شێوە کە ئەمرۆ لە عێراق هەڵس وکەوت دەکا، ئەم دورگەیەی کردە پێگەی سەربازی. بە هەمان شێوە کە ب شتل و هالیبرتون و کومپانیا نەوتیەکان لە عێراق سەقامگیر بوون، کومپانیا گورە ئەمریکیەکان لە کوبا سەقامگیر ببون. ئەمریکا بە یارمەتی بەکرێگیراوانی ناوچەیی، دەستورێکی بنەرەتی کە دەبو کوبا ئیدارە بکا، دارشت و سەپاندی، بە هەمان شێوە کە ئەمریکا بە یارمەتی گوروپە سیاسیە محەلییەکان دەستورێکی بنەرەتی بۆ عێراق ئامادە کردوە. لەراستیدا ئەم کردەوەیە هێچ پێوەندییەکی بە ئازاد کردنەوە نییە. داگیر کاریەکی تەواو عەیار و شەرم هێنەرە. لە 7ی ئوتی 2003، نیویورک تایمز رایگەیاند کە ریکاردوسانچز(1)، ژنراڵی ئەمریکایی لە بەغدا، نیگەرانی خۆی لە دژکردەوەی عێراق لە دژی داگیرکردنی سەربازی، دەربڕیبو. رێبەرانی عێراقیی لایانگری ئەمریکا پەیامێکی پێ دەگەیەنن کە دەقی پەیامەکە هەرەشەیە: کاتێک کە باوکێک بە بەرچاو بنەماڵەکەیەوە دەستگیر دەکەن، تورەکەیەک بەسەریدا دەکەن و ناچاری دەکەن بە چۆک دابێ، ئەمە سوکایەتیەکی قورسە کە لەبەر چاوی بنەماڵەکەیەوە ئێوە پێی دەکەن. (خاڵێکی زۆر ورد بینانە)
هەواڵنێری سی بی ئێس لە 19ی 6ی 2003، ماوەیەکی زۆر بەر لە کەشفی سەلمێندراوی شکەنجەکان لە زیندانی ئەبوغرێب لە بەغداد، رایگەیاند: عەفوی نێونەتەوەیی لە حاڵی لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵێک شکەنجەیە کە لە لایان کاربەدەستانی ئەمریکایی لە عێراق بەرێوە چوە. نمونەیەکی ئەم شکەنجانە خریزان العبالی بوو. سەربازانی ئەمریکایی لە حاڵێک دا کە بەرەو هەموو شوێنێک تەقە دەکەن، هەڵدەکوتنە سەر ماڵی العبالی و وێرانی ئەکەن، خۆی و باوکی 80 ساڵەی دەستگیر دەکەن. تەقە لە براکەی ئەکەن و بریندار دەکەن... هەر سێکیان لەگەڵ خۆیان دەبەن... العبالی دەڵێ کە لێپرسێرەوانی بە تەواوی روتیان کردوەتەوە و بە پێوە یان لەسەر چۆک، دەست و پێ بەستراو، لە حاڵێکدا سەری لە تورەکەیەک دا بوو، بۆ ماوەی یەک حەوتو بە بێداری راینگرتوە. العبالی دەڵێ کە بە رفێنەرانی وتوە: "نازانم چیت دەوێ. من هیچ نازانم". هەروەها دەڵێ: "داوام لێکردن کۆتایی بە ژیانم بهێنن و بم کۆژن". پاش 8 رۆژ ئەمریکاییەکان، لەگەڵ باوکی ئازادیان کرد... کاربەدەستانی رەسمیی ئەمریکایی بۆ ئەو داخوازیە زۆرانەی کە داویان لێ دەکرا لەم بارەیەوە قسە و باس بکرێ، هیچ وولامێکیان نەدایەوە...

فەرمانێکی ئەنجام دراو...
هەموان دەزانین کە لە کاتی هێرشی ئەمریکا لە نوامبری 2005، کە بە بیانوی پاک کردنەوەی فەلوجە لە گوروپە تیروریستەکان کە لە چوارچێوەی پیلانێکدا(پیلانی بەعسی) هەڵسورانیان هەبو، سێ لە چواری ئەو شارە (بە 360 هەزار دانیشتوو) خاپور کرا و سەدان کەس لە دانیشتوانەکەی قەتڵعام کران. بەڵام لەبیرمان دەچێ وەبیری بهێنینەوە کە لە 16ی ژوینی 2003، تەقریبەن یەک مانگ و نیو پاش ،سەرکەوتن، لە عێراق و فەرمانی ئەنجام دراو، کە لە لایان بوشەوە راگەیەندرا، دوو هەواڵنێری نایت رایدر (2) لە بابەت فەلوجەوە نوسیبویان: لە ماوەی 5 رۆژی رابوردودا، زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە تەئکیدیان کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک پیلانێکی بەعسی یان سوننە مەزهەب لە دژی ئەرتەشی ئەمریکا لە ئارادا نەبوە. ئەم شەر کەرانە کەسانێکن کە خزمەکانیان یان بریندار کراون یان کوژراون، یان لە کاتی تەفتیش و کونترولّ دا بە بەرچاوی گشتیەوە سوکایەتییان پێ کراوە. ژنێک پاش گرتنی هاوسەرەکەی، ناچار بوو لەبەر بێ نەوتی

و دار قەفەزی دارینی بکرێ، ووتی کە ئەمریکا دەستی داوەتە کردەوەی تیروریستی. هەر ئەم هەواڵنێرانە راپانگەیاند: دانیشتوانی العەقیلیە- دێهاتێکە لە باکوری بەغدا- ووتیان کە دوو کەس لە وەرزێرەکانیان و پێنج کەس لە دێهاتەکەی دراوسێیان کە خەریکی ئاودێریی مەزرای گوڵەبەرۆژە، توەسورە و خەیار بون، بە دەستڕێژی ئەمریکاییەکان کوژران.

پێشتر بەم سەربازانەی کە ناردنیان بۆ عێراق ووترابو کە خەڵک وەک رزگاریدەر پێشوازییان لێ دەکەن. ئەم سەربازانە کە ئێستا خۆیان لە گەمارۆی میللەتێکی ئازادیخواز دەبینن، ترسیان لێ نیشتوە، خەمۆک بوون، خێرا دەست بۆ چەک دەبەن، بە هەمان شێوە کە لە 4ی مارسی 2005، لە بەغداد، لە کاتی ئازاد کردنی رۆژنامە نوسە ئیتالیەکە دا، جولیانا سگرنا(3)، کاتێک کە ئەفسەری ئیدارەی زانیاری ئیتالیا، نیکولا کالیپاری(4)، لە خاڵێکی بشکنیندا لە لاپان سەربازانی تورە و توقیوی ئەمریکاییەوە کوژرا، بینیمان.

زۆر راپورت و هەواڵ باسی رق و توندوتیژی چەکدارانێک دەکەن کە بە مانەوە لە عێراق ناچار کراون. هەواڵنێرێکی تەلەویزیونی ئەی بی سی لە عێراق ئەم دواییانە رایگەیاند کە ئەفسەرێک ئەوی بردوەتە گۆشەیەک و پێی ووتوە: من قایمەی تایبەتیی خۆمم هەیە لەو کەسە گرنگانەی کە بەدوپاندا دەگەرێن ( Most Wanted List). ناوبراو ئاماژەی بە دەستە وەرەقی بەناوبانگی بڵاو کراوە لە لاپان دەوڵەتی ئەمریکاوە کرد کە وێنەکانی سەدام حوسێن، کورەکانی و ئەندامانیتری رژیمی پێشوی بەعس تێیدا دەبینرێ. ناوبراو دەیگوت: ئاسەکانی ئەم وەرەقانە جورج بوش، دیک چنی، دونالد رامسفلد و پول ولفوویتسن. ئەم جورە هەڵوێستانە، هەروەک هەڵوێستی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی هەڵهاتو کە پاش گەرانەوە بۆ وولات، لە گەرانەوە بۆ عێراق سەرپێچی دەکەن، لە لاپان خەڵکی ئەمریکاوە ناسراوە. لە مانگی مەی 2003، رێژەیەک باسی لەوە دەکرد کە تەنیا 13% ئەمریکایی پێان وابو کە شەر بێ ئاکامە. پاش دوو ساڵ، مەسەلەکە بەتەواوی گۆراوە. بە پێی رێژەی بڵاو کراوەی رۆژی جومعەی ژوئێنی 2005 لە نیویورک تایمز و تەلەویزیونی سی بی ئێس، ئێستا 51%ی ئەمریکاییەکان لەو باوەرەدان کە ئەمریکا نەدەبو هێرش بکاتە سەر عێراق و خۆی توشی ئەم شەرە بکا. لە حاڵی حازردا، 59% ی ئەمریکاییەکان سەرپەرەستیی بارودۆخی عێراق لە لاپان بوشەوە تەئید ناکەن. بە باوری من شیاوی ووتنە ئاماژەی پێ بکەین ئەو راپرسیانەی کە لە نێوان رەش پێستەکانی ئەمریکا دا ئەنجام درا لەسەر یەک 60% نەیاری لەگەڵ شەری عێراق دا نیشان داوە.

بەڵام داگیر کردنی دزیوتر لە داگیر کردنی عێراقیش هەیە، و ئەویش داگیرکردنی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە. ئەمرۆ کە هەستام؛ رۆژنامەم خوێندەوە و ئەم هەستە سەری لێدام کە ئێمەش خۆمان وولاتێکی داگیر کراوین، و کەوتوینە بەر هێرشی هیزێکی دەرەکی. ئەم کرێکارە مکزیکییانە کە بە هەڵهاتن لە چنگی پۆلیسی دایرە و ئیدارەی پەنابەران و بە خستنە مەترسیی گیانیان ( بە هیوای خۆ گەیاندنە وولاتێک کە، لە هەموان گاڵتەجارتر، بەرلەوەیکە ئەمریکا لە ساڵی 1884 داگیری بکا، هین ئەوان بووە) هەوڵ ئەدەن لە سنور دەرباز بن، لە لای من خارجی نین. ئەم 20 میلیون کەسە کە لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەژین و بە شارومەند دانانرێن و لە ئاکام دا، بە پێی یاسای (پاتریوت)، کە دەتوانرێ ئەوان بە بێ هیچ جۆرە بەهرەمەند بوون لە مافی شارومەندی، کە لە یاسای بنەرەتیدا هاتوە، لە ماڵەکانیان دەر بکرێن و بۆ ماوەیەکی نادیار لە زیندانی رێکخراوی ئێف بی ئای رابگیرێن. ئەمانە، بە باوری من خارجی نین. بە پێچەوانەوە، ئەمە ئەو تاقمە کە لە واشنگتون دەسەڵاتیان لەدەست دایە (جورج بوش، ریچارد چنی، دونالد رامسفلد و هاوکارانیانن) کە خارجین.

کاتێک کە بەخەبەر هاتم بە خۆمم ووت کە ئەم وولاتە لە چنگی سەرکۆمارێک دایە کە جاری یەکەم لە نوامبری 2000، لە کاتێك دا کە دەزانین، لە ئاکامی بە کار بردنی فرۆفێڵی جوراوجۆر و بە بریاری دادگای باڵای وولات، هەڵبژێردراوە. سەرکۆمارێک کە پاش هەڵبژاردنی دوهەمی لە نوامبری 2004، هەروا لە گەمارۆی یاریەکانی کوت و شەلوار لەبەردایە کە هێچ بایەخێک بۆ ژیانی ئینسان قایل نین، چ لێرە و چ لەوێ؛ و دوایین مەشغوڵیاتیان، چ لێرە و چ لە هەر جێگایەکیتر، ئازادی نییە ؛ و بە لاپانەوە بەتەواوی گرنگ نییە کە گۆی زەوی، ئاو و هەوایەک کە بۆ منداڵانمان و نەوەکانما بە جێ دەمێنێ، چی بەسەر دێت.

زۆرێک لە ئەمریکاییەکان، وەک سەربازەکانمان لە عێراق، بۆیان دەرکەوتوە کە گرفتێک لە کار دایە، کە ئەم وولاتە لەو تەسەورە ناچێت کە لە زەینی خۆماندا دروستی دەکەین. لە بواری ناوخۆ دا، هەمو رۆژێک بارێک لە درۆ لەگەڵ خۆی دێنی، ترسناکترینی ئەم درۆیانە ئەوەیە کە هەر کردەوەیەکی وولاتە یەکگرتوەکان دەبێ ببەخشرێ، چونکە ئێمە لە شەرداین لەگەڵ تیروریسم. بێجگە لەوەیکە شەر، لە خۆیدا جۆرێک تیروریزمە؛ هێرش کردنە سەر ماڵ و حاڵی خەڵک، گرتن و شکەنجەی ئەندامانی بنەماڵەیەک، جورێک تیروریزمە؛ هێرش و بومبارانی وولاتانیتر، نەک هەر ئاسایشی زیاترمان بە دیاری بۆ ناهێنێ، بە تەواوی بە پێچەوانەوە.

کاتێک کە ووتە بەناوبانگەکانی وەزیری بەرگری ئەمریکا، دوناڵد رامسفلد (یەکێک لە قابل تەعقیبترین کەسەکان، لە لیستی ئەو ئەفسەرەدا)، رۆژێک بەر لە هێرش بۆ سەر عێراق، روو لە وەزیرانی ناتو لە بروکسل وەبیر بهێنینەوە، دەبینین کە ئەوەیکە ئەم دەوڵەتە شەر لە دژی تیروریزمی ناو دەبا، هێشتا هیچمان نەدیوە. رامسفلد باسی ئەو هەرەشانەی کرد کە ئاراستەی رۆژاوا دەکرێ (وا تەسەور بکەن هێشتا ئێمە لە رۆژاوا، لە پلەی بونەوەرێکی پیرۆز دا قسە دەکەین، ئەمە لە حاڵێک دایە کە ئەمریکا لە پلانی خۆیدا بۆ هێنانە مەیدانی زۆربەی وولاتانی رۆژاوایی لەوانە فەرانسە و ئاڵمان بۆ هێرش کردنە سەر عێراق، شکستی خواردبو، و بەهەر قیمەتیک هەوڵی راکێشانی سەرەنجی وولاتانی ئوروپای رۆژهەڵاتی دا لە رێگای قانع کردنیان بەوەیکە، تەنیا ئامانجیان ئازاد کردنی عێراقیەکانە، بە هەمان شێوە کە گواپا ئەوانیان لە ژێر دەستی یەکیەتی سوڤیەت ئازاد کرد). لە ئاکامدا، رامسفلد بە شەرح دانی ئەوەیکە ئەم هەرەشانە چی بوون و بۆچی غەیبی و نەناسراو بوون، سەفسەتەی هەمیشەیی خوی ووتەوە: "چەند مەسەلەیەک هەن کە ئێمە زانیاریمان لەسەریان هەیە. هەروەها چەند مەسەلەیەکیتر هەن کە دەزانین نایان ناسین. بە شێوەیەکیتر، کۆمەڵێک مەسەلە هەن کە لە حاڵی حازردا دەزانین کە زاڵ نین بەسەریان دا. بەڵام هەروەها کۆمەڵێک مەسەلەی نەناسراو هەن کە ئێمە ناپان ناسین. برێک مەسەلە هەن کە ئێمە نازانین کە ناپان ناسین. بە کورتی، نەبونی بەڵگە، دەلیلی نەبونیان نییە... نەبونی بەڵگە لەسەر شتێک بە مانای ئەوە نییە کە بۆ نەبونی بەڵگە لەدەست دایە.

به خۆشیەوە رامسفلد خۆی ماوە تا زەینمان رون بکەنەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بۆچی دەوڵەتی بوش، داماو لە دەستگیر کردنی عاملانی هێرشی 11ی سپتامبر، بە پێ داگرتن لسەر ئاراستەی خۆی لە دسامبری 2001، بە هێرش کردنە سەر ئەفغانستان و بومباران کردنی، هەزاران خەڵکی بێتاوانی کوشت و بوو بە هۆی هەڵهاتنی سەدان هەزار کەسیتر، لە حاڵێک دا هێشتا نازانێ تاوانباران لە کوێ خۆیان شاردوەتەوە. ئەم مەسەلەیە هەروەها نیشانی دەدا بۆچی دەوڵەتی بوش، بە بێ ئەوەیکە بزانێ سەدام حوسێن چی جۆرە چەکێکی شاردبوەوە، لە مانگی مەی 2003، سەرەرای مخالف بونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بریاری بومباران کردنی عێراق و هێرش کردنە سەر ئەو وولاتەی دا، هەزاران سەرباز و خەڵکی ئاسایی کوژران و بووە هۆی ترس و نائەمنی. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە بۆچی دەوڵەتی بوش، بە بێ ئەوەیکە بزانێ کێ تیروریستە و کێ نییە، بریاری زیندانی کردنی سەدان کەس و راگرتنیان لە جەهەننەمی گوانتانامو دەدات، لە حاڵێکدا کە 18 کەس لەوانە دەست ئەدەنە خۆکوژی.

رێکخراوی عەفوی نێونەتەوەیی لە راپورتی ساڵی 2005 ی خۆیدا لە بابەت دەسدرێژی بۆ سەر مافی ئینسانی لە جیهان، کە لە 25ی مانگی مەی 2005 بڵاو بوەوە، بە بێ پەردە پۆشی جەختی کردەوە کە زیندانی گوانتانامو بوەتە گولاکی سەردەمی ئێمە. خانمی ئیرن کان(5)، بەرپرسی گشتیی ئەم رێکخراوەیە ووتی: کاتێک کە بەهێزترین وولاتانی جیهان باڵادەستیی یاسا و یاسای ئینسانی پێشێل دەکەن، ئیجازە بە خەڵکانیتر دەدا کە بە بێ ترس لە هەر جۆرە سزادانێک- ئازادانە ئەم مافە پێشێل بکەن.

خانمی کان هەروەها هەوڵدانەکانی ئەمریکا بۆ ئاسایی سازی شکەنجەی مەحکوم کرد. ناوبراو رایگەیاند کە ئەمریکاییەکان، بە پێناسە کردنی دوبارەی شکەنجە و کەمرەنگ کردنی، دەیانەوی قەدەغە بونی موتڵەقی شکەنجە هەڵگرن. بەڵام ناوبراو وەبیری هێنایەوە، هەرکە موتڵەق بونی قەدەغەبونی رەسمیی شکەنجە هەڵبگیرێ، شکەنجە دەبێتە باو. سەرەڕای نەفرەت و توڕەییەک کە شکەنجە ئەنجام دراوەکانی زیندانی ئەبوغرێب هەڵیخراند، رێکخراوی عەفوی نێونەتەوەیی، لەوەیکە نە دەوڵەت و نە کونگرەی ئەمریکا هیچکامیان داوای کردنەوەی پەروەندەی لێکۆڵینەوەی بەردەوام و بێ لایانەیان نەهێنا گۆرێ، نیگەرانی خۆی دەربری.

ئەم بە ناو شەر لە دژی تیریروریزم، بە تەنیا نەبەردێک لە دژی میللەتێکی بێ تاوان لە وولاتێکی خارجیدا نییە، شەرێکە لە دژی میللەتی ئەمریکا. جەنگێک لە دژی ئازادییەکانی ئێمە، شەرێک لە دژی شێوەی ژیانی ئێمە. سامانی نەتەوەیی لە دەست خەڵک رفێندراوە تا لە نێوان دەوڵەمەندەکان دابەش بکرێ. هاوکات گیانی لاوەکانیشمان دەرفێنن.

ترس، توندوتیژی و ریاکاریی حاکمیەت...

هیچ گومان لەوەدا نییە ئەم شەرە کە تا ئێستا دوو ساڵ و چەند مانگێکی خایاندوە، نەک هەر لە دەرەوە، لە ناو خۆدی ئەمریکاش، قوربانیانێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە. دەوڵەت بە سادە ئەندێشان دەڵێ کە لەم شەرە، بە پێچەوانەی ویتنام، سەربەرز دێینە دەرێ، جونکە قوربانی کەممان داوە(6). راستە، تەنیا چەند سەد کەسێک کوژراوە. بەڵام کاتێک کە شەر تەواو بێ، ئەوکات قوربانیەکانی ئەم شەرە، نەخۆشیەکانی، زەبرە رۆحییەکان- روو لە زیاد بون دەنێ. پاش شەری ویتنام، سەبازانی کۆن شڵەژانی رۆحیی زگماکی لە بنەماڵەکانیان دا راگەیاندوە کە، کەم ئەندامی، مادەی نارنجی(7)، مادەیەکی زۆر ژاراوی و نابود کەری دەغڵ و دانە، کە بەسەر میللەتی ویتنام دا هەڵیان رشت.

لە ماوەی شەری کەنداو لە ساڵی 1991، تنیا کوژرانی چەند سەد کەسێک راگەیەندرا، بەڵام ئەنجومەنی کۆنە سەربازەکان، ئەم دواییانە مەرگی 8 هەزار کەسیان راگەیاند. لە 600 هەزار سەرباز کە لە یەکەمین شەری کەنداو دا بەشدار بون، 200 هەزار کەسیان لە نەخۆشیەکان و زیانەکانی ناشی لە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی بەکار هێنراو لە شەرەدا، شکات و سکاڵایان هەیە. دەبێ بزانین و چاوەرێ بین کە شوێنەواری ئورانیوم، لەسەر کچان و کورانمان کە بۆ عێراق ناردراون، ببینین.

ئەرکی ئێمە چییە؟ مەحکوم کردنی تەواوی ئەم کردەوانە. دڵنیاین ترس و خۆفێک کە سەربازە ناردراوەکانمان لە عێراق دەیکێشن و تەحەمولی دەکەن لەبەر ئەوەیە کە درۆیان لەگەڵ کراوە. کاتێک کە ئەوان لە راستیەکان بگەن، هەر وەک لە شەری ویتنام پێش هات، لە دژی دەوڵەت هەڵویست دەگرن.

جیهان پشتیوانیمان لێ دەکەن. دەوڵەتی ئەمریکا ناتوانێ تا ئەبەد، ئەو 10 میلیئون کەسەی کە لە 15ی فوریەی 2003 لە سەرتاسەی جیهان نارەزایەتییان دەربری، و ژمارەیان رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەکا، لەبەرچاو نەگرێت. هێزی دەوڵەتێک- بە هەمو چەک و چۆڵ و سامانێک کە هەیەتی، شکست هەڵگرە. کاتێک کە دەوڵەت لە لای میللەت مەشروعیەتی خۆی لە دەست دەدا، ژمارەی پێجەوانە بۆ دواوە دەست پێ دەکا.

دەبێ لە تەواوی بوارەکانی هەڵسورانی دژ بە شەر کە ئامانجمان راگرتنی ئەم نەبەردەیە بەشداری بکەین. لەم رێگایەدا هەرچی تێبکۆشین، کەممان کردوە. کورتە مێژوی گۆڕانکاریە کۆماڵایەتیەکان لە میلیونان حەرەکەت و بزوتنەوە، چ گرنگ و چ کەم بایەخ رێکخراوە، ئەو حەرەکەتانەن کە هاوکات لە قۆناغیکی مێژویی دا روو دەدەن، تا ئەوەیکە هێزێک پێک بهێنن کە هیچ دەوڵەتێک توانای سەرکوت کردنی نەبێت.